گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
*Vol. 14, No. 1, pp. 29–39, January-March.-2026.*
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681
journals.uoz.edu.krd

# کۆنتێکستوالیزمی ڕەخنەیی تێکستی لاوکی هەڵەبجە، بەپێی ڕوانگەی تیۆری مۆرای کریگەر

هێمن ڕەقیب عبداللە [1]* و هەڵمەت بایز ڕەسوڵ [2]

[1] پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی- ڕواندز، هەرێمی کوردستان – عیراق. (hemn raqib@gmail.com)

[2] بەشی کوردی، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان – عیراق. (halmat.rasool@soran.edu.iq)

تاريخ الاستلام: 07/ 2025    تاريخ القبول: 2025/09    تاريخ النشر: 2026/03 *https://doi.org/10.26436/hjuoz.2026.14.1.1697*

**پوختە:**

لەپاڵ تێگەیشتنە جۆراو جۆرەکانی خوێندنەوەی تێکستی ئەدەبی، بە تایبەتی خوێندنەوەی کۆنتێکستی دەروونی و مێژوویی کۆمەڵایەتی هەڵومەرجێکی دیکەی خوێندنەوە لە ڕەخنەی نوێی ئەمریکی دەردەکەوێت، ئاقارێکی دیکەی تێگەیشتن لە کۆنتێکستی ناوەخۆوە بۆ کۆنتێکستی دەرەوە دەمان بات، کە لە لایەن ڕەخنەگری ئەمریکی مۆرای کریگەر بە سوود وەرگرتن لە فۆرمالیزم و ڕەخنەی نوێ، بیر و بۆچوونە تیۆرییەکانی خۆی لەبەر ڕۆشنایی چەمکی کۆنتێکستوالیزمدا بەکارهێنا. کۆنتێکستوالیزم وەک بنەمایەك بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتن لە دەقی ئەدەبیدا، ئاڕستەیەکی جیاوازی بەڕاڤەی تێکستی ئەدەبی بەخشی. پێکهاتەی زمانی دەقەکە بۆ خۆی دەبێتە کۆنتێکستی ناوەخۆ لە ڕێی ئەو فۆڕمەوە بەرەو کۆنتێکستی دەرەوە دەمان بات، ڕۆڵی خوێنەریش کاریگەرە لەو تێگەیشتنە. ناونیشانی توێژینەوە (**کۆنتێکستوالیزمی ڕەخنەیی تێکستی لاوکی هەڵەبجە، بەپێی ڕوانگەی تیۆری مۆرای کریگەر**) لە تێکستێکی ناسراوی شاعیری کورد ڕەفیق سابیر، بەپێی میتۆدی ڕەخنەی نوێی فۆرمالیستی لەبەر ڕۆشنایی ڕوانگەی تیۆری مۆرای کریگەر، هەموو ئەو ڕەمز و میتافۆڕانەی لە ڕێی بنیادی تێکستەوە ئاماژەکانی ناو دەقەکە وەک کۆنتێکستی ناوەخۆیی و بنیادی زمان دەرخەری سیما واتاییەکانی دەقەکەن و تراژیدیای کیمیابارانی هەڵەبجە دەگێڕنەوە.

**وشە سەرەکییەکان:** کۆنتێکستوالیزم، کۆنتێکستی ناوخۆ، خوێنەر، لاوکی هەڵەبجە، بیاتی زمان، هێما.

## پێشەکی

ئەو تێگەیشتنەی بۆ دەقی ئەدەبی لە سەدەی نۆزدەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم درێژبووەوە، تا دەرکەوتنی بنیادگەری و فۆرمالیزم بەتایبەتی لە ڕەخنەی نوێی ئەمریکی کەم تا زۆر ئاقارەکانی تێگەیشتنی تێکستی ئەدەبی وەک بەستنەوە بە سیاقی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و دەروونی تێگەیشتنێکی دیکەی بۆ ڕاڤەی تێکست دێتە ئاراوە، وەک ڕوانگەیەکی تیۆری مۆرای کریگەر خۆی لە هێنانەکایەی چەمکی کۆنتێکستوالیزم دەبینێتەوە. مۆرای کریگەر پێی وانییە تێکست تەنها بە تێگەیشتنی دەرەوەی تێکست وابەستە بکرێت، بەڵکوو هەر تێکستێک کۆنتێکستێکی ناوەوەی خۆی هەیە، دواتر دەکرێت بەهۆی ئەو هێما و ڕەمز و زمانە بەکارهاتووەی دەق لەگەڵ دەرەوەی خۆشیدا هاو ئاهەنگی پەیدا بکات. بە تێگەیشتنی خوێنەر لە ناو ئەو کۆنتێکستە ناوەخۆییەی دەقەکەدا ڕاڤە و واتاکانی دەقەکە دەخرێنەڕوو.

مۆرای کریگەر لە ژێر ناوی کۆنتێکستوالیزم بۆچوونە ڕەخنەییەکانی خۆی دەردەبڕێت و ئاماژە بە چەند ڕێکارێك دەکات کە پێوویستن بۆ توێژەر لە شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی پەیرەویان بکات، بەبێ ئەوەی کۆنتێکستی بەواتا کلاسیکییەکەی فەرزبکات، یان بە تەنها پشت بەستن بە فۆرمالیزم نامان گەیەنێت بە شیکردنەوەیەکی شیاو، بەڵکوو دەبێت لە ڕێی ڕەمز و هێماوە کە ئاماژەن بۆ دەرەوە بۆ دەق بگەڕێینەوە و تیگەیشتنیکی قوڵتر لە سیاقی کلاسیکی پیشکەش بکرێت، بەو تێگەیشتنەوە ناونیشانەکە (کۆنتێکستوالیزمی ڕەخنەیی تێکستی لاوکی هەڵەبجە، بەپێی ڕوانگەی تیۆری مۆرای کریگەر) بژاردە کراوە. سنووری توێژینەوە لە چوارچێوەی تێکستی (لاوکی هەڵەبجە)ی ڕەفیق سابیرە، کە تەنها کۆپلەی یەکەمی تێکستەکە وەرگیراوە. بە مێتۆدی ڕەخنەی نوێی فۆرمالستی لە ژێر ڕوانگەی تیۆری مۆرای کریگەر ڕاڤەی خوێندنەوەیەک بۆ تێکستەکە دەکات.

وەك گریمانەی توێژینەوە دەکرێت ئەو ڕوانگە تیۆرییە بۆ تێکستی لاوکی هەڵەبجە زۆر شیاو بێت، چونکە دەقەکە پێکهاتەیەکی زمانی تایبەتی وەك کۆنتێکستی ناوەخۆ هەیە. لە پرسیاری توێژینەوەکەدا ئەوەی کە گرنگە: ئایا تیۆری کۆنتێکستوالیزمی مۆرای کریگەر تا چەندە لە ئاستی ڕاڤەی تێکستدا ئاستی تێپەڕاندنی سیاقی دەرەوەی تێکستی هەیە؟ ئاماژە دەلالییەکانی کۆنتێکستی ناوخۆیی چیین؟ بەپێی تیۆری کۆنتێکستوالیزم تا چەندە دەق هەڵگری کۆنتێکستە لەڕێی توخمە پێکهێنەرەکانی ناوەوەی دەق؟ چۆن دەتوانین لەناو دەقەوە بۆ کۆنتێکست و ئاماژەکانی زمانی بگەڕێینەوە؟ ئایا دەقی شیعری

*ڤەکولەرێ بەرپرس.

This is an open access under a CC BY-NC-SA 4.0 license (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-sa/4.0/)

کە لە چ دۆخێك و کۆنتێکستێ دروست بووە؟ تا چەندە هێماو ئاماژەکان هەڵگری واتای کۆنتێکستین؟

ئامانجی توێژینەوە وێڕای ئەوەی جێبەجێکردنی ڕوانگەیەکی تیۆری ڕەخنەی ئەدەبییە، ئەو خوێندنەوەیە لە ڕێی پرسیارەکانی توێژینەوەکەوە، پێچەوانەی ئەو تێگەیشتنە کە کۆنتێکست تەنها لە ڕێی مێتودەکانی کلاسیك لە دەق دەڕوانێت، لە ڕێی ڕەمز و هێما زمان و تایبەتمەندی بنیادی دەقەکەوە دەتوانین بۆ کۆنتێکست و دەرەوەی دەق بگەڕێنەوە، نەک تەنها لە دەرەوەی تێکستەکەدا بۆ ناوەی تێکست ئاراستە ڕەخنەییەکە دیار بکات، ئەمەش ئامانجێکی گرنگی توێژینەوەیەکەیە.

گرنگی توێژینەوەکە لەپاڵ دەرخستنی تۆرییەکی نوێ بۆ توێژینەوە، دەرخستنی جۆرێکی دیکەیە لە شیکردنەوەی دەق و تێگەیشتن لە دەقدا، لەناو ڕەخنەی نوێ ئەم جۆرە لە ئاراستەیە کاریگەرە، لە پاڵ فۆرم و بنیاد و زمانی دەقەوە وەک کۆنتێکستی ناوەخۆ لە دەرەوەی بەستنەوە بە کۆنتێکستێکی دیاریکراو، جۆرە تێگەیشتنێکی دیکە بە فەزا و ئامادەبوونی کۆنتێکستی دەرەوەی دەق ئاسۆی تێگەیشتنی دەق وەک فۆرم و ناوەرۆک واتاکانی پشتی دەقەکە کاریگەرتر دەبن.

پێکهاتەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە خستنە ڕووی چەمك و بنەمای کۆنتێکستوالیزم لە ڕوانگەی مۆرای کریگەر و دواتر وەك پراکتیك ڕاڤەی تێکستەکە بە پێی بنیادی زمان و میتافۆرم و وێنە و فۆرم کراوە.

**1- زاراوە و چەمکی کۆنتێکست و کۆنتێکستوالیزم:**

زاراوەی کۆنتێکست لەنێو زماندا چەندین لێکدانەوەی جیاوازی بۆ کراوە، لە زمانی ئینگلیزیدا ئەم زاراوەیە (context) لە بنەڕەتدا لە وشەیەکی یۆنانییەوە وەرگیراوە، کۆنتێکستیوس (contextus) واتە کۆی ئەو ڕەگەزانەی بەشێوەیەکی توند و پتەو پێکەوە بەسترابن. (Burke:2002,153)ئەم وشەیەش لە فەرهەنگی زمانی عەربی بەم شێوەیە باسکراوە لە فەرهەنگی(أساس البلاغة – الزمخشري)دا واتایەکی تری بۆ وشەی (سیاق) باسکردووە، کە ئەویش (ڕیزکردن و جوان بەدوای یەکداهاتنی وشەکانە لە کاتی قسەکردن وەك دەڵێن (هو یسوق الحدیث أحسن سیاق). جگە لەمەش زەمەخشەری لایەنی مەجازی وشەکەی وەرگرتووە و باسی کردووە (أوشان: 2000، 29).

لە (معجم الوسیط) دا کە کۆمەڵێك نووسەرن لەم فەرهەنگەشدا هەمان ئەو واتایانە باسکراون کە لە فەرهەنگەکانی تردا ئاماژەیان پێدراوە، لەگەڵ ئەوەشدا کۆنتێکست زاراوەیەکی تازەیی ڕەخنەی ئەدەبیە، پەیوەندی بە زانستی زمانیشەوە هەیە، بۆ مەبەستی زمانی بەکارهاتووە، بۆیە بەپێی دەرکەوتنی ڕستەکان واتایان دەگۆڕێت (داد: 2006، 84) کۆنتێکست لەلای ڕەخنەگرەکانی بنیادگەرایی پشتگوێ خراوە، بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاشکرا کردنی پەیوەندی نێوان دەقە ئەدەبییەکان لە ڕێی پێکهاتە ناوخۆییەکانی دەقەوە بخەنەڕوو (حجازي: 2001، 41) هەروەها لە زمانی کوردیدا زمانەوانەکان بەرامبەر کۆنتێکست زاراوە و وشەی ئەو زمانەیان بەکار هێناوە، کۆنتێکست لەناو زماندا پەیدا بووە و لەناو زماندا واتای دراوەتێ، دواتر وەك خۆیی گواستراوەتەوە بۆ ناو ڕەخنەی ئەدەبی بۆیە زمانەوانەکان هەوڵیانداوە واتای وشەکە ڕوونبکەنەوە، بۆ شیکردنەوەی واتای وشەی دەوروبەر زمانەوانان دەوروبەری زمانی لە ڕووی فەرهەنگیەوە دەکەنە

پێش مەرج بۆ تێگەیشتن لە خودی وشەکە، بۆ ئەمەش دەروبەریان دابەشی سەر چوار جۆر کردووە (دەوروبەری زمانی، دەوروبەری سۆزی هەڵچوونی، دەوروبەری هەڵوێست، دەوروبەری ڕۆشەنبیری یان کۆمەڵایەتی) (فەرهادی: 2013، 38) زمانەوانەکان وشەی دەوروبەریان بەرامبەر وشەی کۆنتێکست بەکارهێناوە، واتای دەوروبەریش هەمان ئەو واتایە یە کە وشەی کۆنتێکست هەڵیگرتووە، بۆیە زمانەوانەکان بۆ گەڕانەوەی واتای وشەو ڕستەکان دەوروبەری زمانی وەردەگرن، بۆ ڕونکردنەوەی واتایی فەرهەنگی وشەو ڕستەکان و زیاتر تێگەیشتن لە ڕووی واتاییەوە پەنا بۆ دەوروبەر دەبەن و ئەو واتایە وەردەگرن. هەروەها لە فەرهەنگی زاراوەی ئەدبی بەرامبەر (context) زەمینە، بەستێن بەکارهاتووە،هەروەها لەبەرامبەر(contextual) بەستێنی زەمینەیی، پەیوەندیدار بە دەقەوە بەکار هاتووە ( سجادی، محمودی: 2014، 79) دواتر ئەم واتایە لە ڕەخنە دەگۆڕێت و ڕاستەوخۆ لەبەرامبەر context ئینگلیزی کۆنتێکست بۆ شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی بەکار دێت بۆیە سیاق-کۆنتێکست بریتی یە لەشیکردنەوەی دەرەکی تێکست بێ ئەوەی سیاق بکەوێتە دەرەوەی تێکست بەڵکوو لە هەناوی تێکست خۆیدایە.(ئەسودە: 2015، 348)

کەواتە دەتوانین بڵێین کۆنتێکست کۆی ئەو وێنەو فۆرم و ئاماژانەن کە لە ژینگەو دەرەوەی تێکست دا هەیە و لە ڕێی زمانەوە ئاماژەی بۆ دەکرێت و تێی دەگەین، بۆیە تێگەیشتن و لێکدانەوەی دەقێک کەم تا زۆر وابەستەی کۆنتێکستەکەیە، بەو واتایەی وابەستەی جیهانی دەرەوەیە، بۆیە ئەو ئاماژەو دەلالەتانەی ناو زمان کە بەشێکی گرنگی دەقەکە پێکدەهێنن پێی دەوترێت کۆی کۆنتێکستەکە، کە ئەمەش هەڵگری هەموویەتی واتە گشتی یەکەیە، ئەمەش لێرەدا پێچەوانەی کۆنتێکستی کۆنە، چونکە بۆ تێگەیشتن لە واتای وشەیەک یان دەستەواژیەک کۆنتێکست هاوکارە و کلیلی کردنەوەی واتای شاراوەی دەقەو کە ئەمەش نزیکمان دەکاتەوە لە واتاو دەلالەتی دەقەکە (الهیان: 2022، 35) کەواتە ئەم وشەیە (سیاق - Context) واتایەکی ئەوتۆ لەخۆدەگرێت کە پێك هاتووە، لە کۆمەڵێك لایەنی کاریگەر کە ئاراستەی دەقی ئەدەبی دیاری دەکەن و چۆنیەتی و شێوەی دەقەکە دیاری دەکەن، دەوروبەری دەق بەگشتی دەگرێتەوە.

جگە لەو تێگەیشتنەی کە ڕەخنەی بابەتی واتە ڕەخنەی کلاسیکی یان ڕەخنەی دەرەوەی تێکست، مامەڵەی کۆنتێکست لەگەڵ دەق دا دەکات، دواتر لە ڕەخنەی نوێ بووە پرسیار و جێی مشتومڕ، جۆرێک لەڕەتکردنەوە و پێداچوونەوە و تێگەیشتنی تازە بۆ کۆنتێکست دێنە پێشەوە، ئەمەش تا مێتودەکانی پاش بنیادگەریش درێژە دەکێشێت.

کۆنتێکست لای ڕەخنەگر و تیۆرزانی ئەمریکی مۆرای کریگەر شێوەیەکە لە شێوەکانی شیکردنەوەی ڕەخنەییانەی دەقی ئەدەبی، بەشێکیشە لە ڕەخنەی نوێ، بەتایبەتیش ئەو شێوەیەی کە هەردوو ڕەخنەگری ئەمریکی مۆرای کریگەر و (ئیلسۆ ڤیڤاس) پیادەیان کردووە، کریگەر لە کتێبەکانی خۆی (بەرگریکارە نوێکان لە شیعر) ساڵی (1956) و (بیردۆزی ڕەخنە) ساڵی (1976) باسی لەم شێوە ڕەخنەگرتنە کردووە، کۆنتێکست بەوە وەسف دەکات، کە بانگەشەیەکە پێی وایە شعر چوارچێوەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە، چوارچێوەیەکی بەهێز و پتەو و

بروایێکەر، کە لە کۆتاییدا هەر چوارچێوەیەکی داخراوە، کریگەر پێشنیاری ئەوە دەکات هەر جۆرە دەقێکی لەم شێوەیە وەك (بابەتێکی ئێستاتیکی، دواتر ڕەهەندی کۆنتێکستی بەرەو دەق دەچێت وەك لایەنی مێژووی دەروونی کۆمەڵایەتی کەلتووری) سەیری بکرێت و بڕیاری لەبارەوە بدرێت، دواتریش کریگەر لەباسی کۆنتێکست دێتە سەر چەمکی کۆنتێکستوالیزم و تەواوی تیۆر و بۆچوونەکەی لە چوار چێوەی ئەو چەمکە دەردەبرێت (Kartiganer: 1974، 584)، بەو تێگەیشتنەوە کۆنتێکستوالیزم زاراوەیەکی ئەدەبیە بۆ شیکردنەوەی دەق لە ڕەخنەی نوێدا بەکار هات، کە جۆرێکە بۆ نیشاندانی لایەنی جوانی دەقی ئەدەب و هەروەها چۆنیەتی تێگەیشتن لە دەقی ئەدەبی، وەك ئەزموونێکی خۆبەخۆ و لە ڕێی واتا و ئاماژە و دژبەیەکەکانی دەقی ئەدەبی، واتە لەڕێی کۆنتێکستی ناوەخۆ ئەم پرۆسەیە جێبەجێ دەبێت، ئەمەش ڕێگری دەکات لەسنوری دەقی ئەدەبی دەربچین و دەرەوە بەتەواوی زاڵ بکەین، بەڵکو دەبێت لەناو جیهانە تایبەتیەکە شیکاریەکانی دەق بکەین. ( cuddon: 2012,155) لەگەڵ ئەو خۆبەستنەوە بەکۆنتێکستی ناوەخۆی دەق، هەمیشە پەیوەندییەکانی دیکەی کۆنتێکستی دەرەوەش لەو پەیوەندییەدا ئامادەییان دەبێت.

**2- ئامادەیی کۆنتێکست لە ڕێڕەوی مێتۆد و تیۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا:**

مێتۆدەکانی دەرەوەی دەق بۆ لایەنی ژینگە و مێژوویی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و نووسەر دەگەڕێنەوە، کە زیاتر خۆیان لە ڕەخنەی مێژوویی و دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبینیەوە، زیاتر ئەو مێتۆدانەش درێژکراوەی تێگەیشتنە ڕەخنەییەکانی سەدەی نۆزدەن، لەم مێتۆدانەدا کۆنتێکست ڕۆڵی بەرچاو و بەربنەمای خوێندنەوەی بەرهەمەکەی هەیە، زیاتر دەق لە چوارچێوەی ئەو سیاقەدا ڕاڤە دەکرێت کە دەقەکە پەیوەندی بە دەرەوەی خۆیەوە هەیە.

هەردوو نووسەری فەرەنسی سانت بوڤ و هیبولیت تین کە دوو ڕەخنەگری دیاری ئەم مێتۆدانەن، کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و مێژوویی لێکۆڵینەوەیان لەسەر ژمارەیەك لە ئەدیبانی سەردەمەکەی خۆیان کرد، بۆیە ئەوان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە بەرهەم و ئەدیب بەیەکەوە پەیوەستن و کەسایەتی ئەدیبەکە ڕەنگدانەوەی تەواوی بەرهەمەکەیە، واتە کەسایەتی نووسەر هەڵسووکەت و شێوازی ژیان ڕاستەوخۆ لەسەر بەرهەمەکەدا دیارە (مەعروف:2012، 38).

بۆیە بەهۆی هەلومەرجە مێژووی و کۆمەڵایەتییەکان چەشنێک لە چەشنەکانی ڕەخنەی ئەدەبی لەدایک بووە چونکە" بەهۆی بواری ئابوری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی ئەو قۆناغەیەوە پەرەی سەندوەو خەملاوە"(بەصیر:1993،29) ئەو تێگەیشتنەی بەتایبەتی لە سەرەتای گەشەسەندنی زانستی دەروونی کاریگەری بەسەر ڕەخنەی ئەدەبی هەبوو "ئەدەب و هونەر بەگشتی فۆرمێکن لەفۆرمەکانی گوزارشتکردن لە ئارەزووە متبووانەو وێنەیەکن لە دەرخستنی نا ئاگایی خەزنکراو، بۆیە لێکۆلەرانی کاری ئەدەبی و هونەری هەر دەبێ بەدوای ژیان و مێژوو پەیوەندیەکانی نووسەرەوە بێت، بەدوای بچوکترین ئاماژەشدا دەگەڕێت کە لەوانەیە ڕۆشنایەک بخاتە سەر ئەو کارە دەروونیانەی کە لە نائاگایاندا پەنهانن" (ئەسوەد:2008،103 ).

وێرای ڕەهەندە دەروونییەکەی نووسەر، وەک پێکهاتە و دەرکەوتەیەکی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئەم بارودۆخە کاریگەری لەسەری دەبێت و هەروەها ئەم کاریگەریەش لە ئەدەبدا ڕەنگ دەداتەوە(مستفا:2019، 64). ڕەخنەگرانی سەر بەو مێتۆدانە بۆ تێگەیشتن لە دەقی ئەدەبی و هەڵێنجانی واتا بۆ لایەنی دەووروبەر گەڕاونەتەوە، هەر تاکە کەسێك شوێنگەیەکی هەیە، کە شتەکانی بەیەکتری دەگەن و کە بە پێی هەلوومەرج شێوە وەردەگرن و کە ئەمەش بە چەند هۆکارێك و ڕەگەزێکەوە ئاوێتە دەکات، لەو بارودۆخ و ژینگەیە وەریدەگرێت کە لە دەرەوە کاریگەری بەسەر نووسەرەوە هەیە (ئەحمەد:2008،153) هاوکاتی گرنگی کۆنتێکست وەک بنەمایەکی سەرەکی خوێندنەوەی ڕەخنەیی لە مێتۆدەکانی گرێدراو بە جەمسەری نووسەر بووە، دواتر ئەم تێگەیشتنە لەسەرەتای سەدەی بیستەم بەدواوە لەناو زمان و فۆرم وبنیادی دەق و ڕەخنەی نوێ و بنیادگەری فۆرمالیزم وەک دژایەتی بۆ کۆنتێکست ڕێچکە تیۆر و مێتۆدی دیکەی ڕەخنەیی لە دایک دەبن، پاش بنیادگەری دوای ساڵانی شەستەکان دێنە کایەی ئەدەبیەوە. مێتۆدە ڕەخنەییەکانی پاش بنیادگەری ڕۆڵ و گرنگی کۆنتێکستیان بەجۆرێکی دیکە لە چوارچێوەی توانستەکانی خوێنەر و ڕۆڵی خوێنەر هێناوەتە پێش، واتە کۆنتێکست لە مێتۆدە نوێیەکان و تیۆرەکانی پاش نوێگەری وەلانەنراوە، بەڵام فۆرمێکی دیکەی تێگەیشتن لەچوارچێوەی تیۆر و مێتۆدەکان لە دەقەوە بۆ خوێنەر و لەناو خوێنەریشدا کۆنتێست فۆرمی جۆراوجۆر دەگۆڕێت.

لەبەرئەوە لویس ڕۆزنبلات نووسەریکی ئینگلیزییە و لە بواری ڕەخنە کاریکردووە، تیشک دەخاتە سەر سروشتی مامەڵەیی خوێندنەوە کە خوێنەر و دەق بەشداری لە دروستکردنی واتادا دەکەن، ئەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە کۆنتێکست چ کۆمەڵایەتی یاخود مێژوویی بێت، یان کەسی وەڵامی خوێنەر لە قاڵب دەدات، بۆ ئەو نووسەرە خوێندنەوە پرۆسەیەکی چالاکە کە خوێنەران کۆنتێکستی خۆیان دەهێننە ناو دەقەکەوە و واتا دەکاتە پرۆسەیەکی وەرگیراوله دەقدا (Rosenblatt: 1978, 11)

لە مێتۆدی هەڵوەشانەوەگەراییدا پرۆسێسێکی ڕەخنەیی شیکارییە لە میانەی شۆڕبوونەوەی بۆ دژوازیەکانی چەمك و دەلالاتەکان لە هەناوی دەقەوە لەڕێی زمانەوە دەق و کۆنتێکستەکانی واڵا بکات و ڕووەو فرە واتایی ئاراستەیان بکات (پیرداود:2011، 152) هەروەها ڕەوتی سمیۆلۆژی وەک سیمۆلۆژیای کەلتور سوودی لە بیرو ئاراستەی مارکسی وەرگرتووە، گەرانەوە بۆ کۆنتێکستی کەلتووری وەك بە شێك لە تێگەیشتن لە دەق سەیر دەکرێت، ئەویش لە ڕێی ڕەمز و نیشانەکانی نێو زماندا، بۆ لایەنەکانی کەلتور و شیکردنەوەی واتا لەنێو کەلتوردا گەڕاونەتەوە(خۆشناو:2019 40-42) هەروەها لە مێتودی فیمینیستی کۆنتێکست ئامادەیی هەیە، ئەم مێتۆدە بۆ لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و کەلتوری و سیاسیی دەگەڕێتەوە و لەو هۆکارو کاریگەریانە دەکۆڵێتەوە کە کاریگەری بەسەر چەوساندنەوە و بەکەم بینینی ئافرەتەوە هەیە، دواتر هەر ڕەوتی فێمینیزمی لەناو کەلتوور و سیاسەت و ئابووریدا ڕەگی داکوتاوە لە لەچوارچێوەی دەقی ئەدەبی ئەو ئەو پەیوەندییە دەردەخرێت.(نازام ، حسێن: 2018، 498) بۆیە بە ئاسانی دەتوانین لە نێو نووسینەکانیاندا تێبینی و کاریگەری ئەو دەووروبەرە ببینین، کە بێگومان ئەمەش لە لایەنی کۆمەڵایەتی

و کەلتوری و سیاسیەوە ڕەنگدانەوەی بەسەریەوە هەبووە (یەعقوبی: 2006، 16-17) لە میتۆدی هێرمۆنێتیکاشدا لەپاڵ واتایەراستەوخۆ لەڕێی تێکستەوە سەرچاوەی دەگرێت، هەبوونی واتای جیاواز لای خوێنەر لەمیانی خوێندنەوە جیاوازەکانی بۆ تێکست لە سەردەم و شوێن و تەمەن و ئایدیۆلۆژیا و ئاستی ڕۆشنبیری جیاوازەوە بۆ تێکست بەدیاردەکەوێت، لەگەڵ هەر خوێندنەوەو لێکدانەوەیەکی نوێ واتای زیاتر درووست دەبێت ( قادر:2023، 117-118) هەروەها یەکێکی دیکە لە ڕەوتەکانی پاش نوێگەری دەرکەوتنی تیۆری وەرگرتن ئایزەرە، لای خوێنەر ئەمەش دەکرێت سیاق- کۆنتێکست بەشێک بێت لە خوێندنەوەی خوێنەر، هەروەها لە تیۆری وەرگرتنەوە بە پلەی یەکەم مەبەستی بوو ئەو لایەنانە بگرێتەوە، کە بونیادگەری بەلایان دا نەچووە، بە پشت بەستن بەتەنها لایەنی دەق و پشتگوێ خستنی بە ئەنقەستی، سیاقە مێژوویی و کۆمەڵایەتییە دەرەکییەکان لە سنوری دەقدا بە ئامانج گیرا، بەمەش ستراتیجیەتی شیکردنەوە لەلای دانەری دەق بۆ لای دەق، خوێنەر گەڕایەوە.( ئەحمەد: 2016، 135) بۆیە دەتوانین بڵێین حەفتاو هەشتاکان بە دیدو بۆچوونی نێو ڕەهەندی جیاواز و میتۆدی جیاوازدا تێپەڕیووە، کە هەریەکە هەڵگری تایبەت مەندی و دونیابینی خۆیەتی تایبەت لە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی دەق لە گەڕانەوە بۆ هزر خوێنەر بە فەزای کۆنتێکستی بنەما ڕەخنەییەکان بۆ تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی پیادە دەکەن، میتۆدی خوێنەر گرنگە لە فۆرمالیزم و بۆچوونی کریگەر زیاتر بۆ خوێنەر و ڕۆڵ و گرنگی خوێنەر دەگەڕێتەوە، بۆیە لە میتۆدەکانی پەیوەست بە خوێنەر گرنگەو زیاتر لە میتۆدە نوێیەکان نزیك دەبێتەوە.

### 3- کۆنتێکست لە ڕوانگەی مۆرای کریگەرەوە[1]:

لەبارەی کۆنتێکست و تێگەیشتن لە شیعردا، بۆچوونی مۆرای کریگەر پێچەوانەی بەشێك لە ڕەخنەگران و تیۆریستانە، چونکە ئەم دەستەواژەیە یەکێکە لەو دەستەواژانەی زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە و زۆرترین جار بەهەڵە بەکارهاتوون کریگەر ڕۆڵی گرنگی لە تێگەیشتن و شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی بینیووە، چونکە مۆرای هاوڕێی هەندێك لە ڕەخنەگرانی سەر بە قوتابخانەی نوێی ئەمریکییە. لە ئەدەب ئەو باس لە کۆنتێکست دەکات و دواتریش کۆی بۆچوونەکەی و تیۆرەکەی لە ژێر ناوی چەمکی کۆنتێکستوالیزمی بەکار هێناوە. (Kartiganer:1974, 584). (بریندا دیرڤین) تیۆریستێکی ئەمریکی پێی وایە کۆنتێکست ئەو چەمکەیە کە زۆر بەکاردەهێندرێت و کەمتر پێناسە دەکرێت، کاتێکیش پێناسە دەکرێت بە جۆرەها شێوە باس دەکرێت، بۆچوونی مۆرای کریگەر وەك چارەسەرێکی جیاواز سەیر دەکرێت، کریگەر بەکورتی کار لەسەر سوود وەرگرتن لە هەندێك لایەنی کۆنتێکست دەکات، بۆ نموونە لە ڕێگەی گێڕانەوەکان (سردیات)ی خوێندنەوەی دەق، یاخود دەق بخرێتە ناو چوارچێوەیەکی گەورەتر لەوەی خۆی تیایدایە، ئەمەش ڕێگەی خوێندنەوە زیاتر دەبێت. (Kovala:2014, 1)

مۆرای لە سەرەتای دروستبوونی ڕەخنەکەیەوە، هەوڵیداوە بەرپەچی نەیارکانی بداتەوە لە ئەندامانی ڕەخنەی نوێ، کە پێش خۆی یان دوای خۆی هاتوون، ئەمەش لە ڕێگەی هاندانی ئاراستەیەکی نوێی ڕەخنەیی کە ڕێبازێکی توند و بەهێز بگرنەبەر، مۆرای کرایگەر دەستیگرتووە بە بۆچوونی ڕەخنەی نوێ لەوەی گرنگی دەدەن بە پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان وشەکان لە شیعردا، کە کۆمەڵە پەیوەندییەکن بە شێوەیەك لە شێوەکان وشەکان دەگۆڕن، لە ئاماژەیەکی سادە دەیانکەنە گەوهەر و کرۆك، پاشان دەیانکەنە واتایەکی خێرا و نوێیان پێدەبەخشن، لەهەمان کاتدا هەوڵدەدات دەقە شعرییەکە بەڕووی جیهانی دەرەوەدا بکاتەوە و ڕەنگدانەوەکانی بەسەر هەموو گوتارێکدا بدۆزێتەوە (Kartiganer:1974, 586).

کۆنتێکستی کریگەر لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە زمان ناتوانێت دوور بکەوێتەوە لە ژیان، بۆیە ئەو چەمکی کۆنتێکستوالیزم (contextualism) بەکاردەهێنێت، و پێی وایە کاردەکات بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان زمان و ژیانی خەڵك ئەمەش لە ڕێگەی دیارکردنی ئەو بارودۆخەی ڕەخنەگر بە ڕەچاوکردنی دەتوانێت بەبێ بەکارهێنانی هیچ چەکێك خۆی بگەیەنێتە ناوەڕۆکی دەقەکە (Kartiganer:1974, 589). کرایگەر جەخت لە کۆنتێکستی خۆ بەخۆی دەکاتەوە بەو واتایەی کە شیعر خۆی کۆنتێکستی خۆی دروست دەکات، ئەو باسی کۆنتێکستی کردووە وەک لایەنێکی دیاری دەرەوەی شیعری، بەڵام تەواوی بۆچوونەکەی لە کۆنتێکستوالیزم دەردەبڕێت و پێی وایە شیعر کۆنتێکستی خۆبەخۆ بوون دادەمەزرێنێت و کە ئەمەش جیاوازە لە کاریگەرییە دەرەکییەکان، بۆیە دەڵێت شیعر خاوەنی پێکهاتەیەک و واتایەکی سرووشتی سەربەخۆیە، دان بە پەیوەندی و جیهانی دەرەوە دەنێت، بەڵام ناکرێت ئینکاری پێگەی خۆبەخۆ بوون بکرێت، چونکە لە شوێن و تایبەتمەندی شیعر کەم دەکاتەوە، بۆیە واتا و تێگەیشتنی شیعری بەستراوەوەتەوە بە زمان و پێکهاتەی تایبەتی خۆیەوە، ئەو واتایەش لە ڕێگەی ئاماژەو هێماو ئەو میتافۆرانەیە کە کۆنتێکستی شیعری خۆی لە ڕێگەی زمانەوە دروست دەکات، هەروەها لە پێکهاتەی شیعرەکە خۆیەوە لە دایک دەبن، نەک بە تەواوی لە جیهانی دەرەوە(krieger:1969,14-16)

چەمکی دووهێندەیی یان دوو هێندە بوونی واتا، بۆ شیعر بەکار دەهێنێت، بەو واتایەی کە زمانی شیعری دوو هێندە بوونی واتا لەخۆ دەگرێت، چونکە یەك واتای تەواو دیاریکراوی نییە، بەڵکو لەڕێگەی دژیەک و ڕەمز و ئاماژە واتایەکی فراوانتر لەخۆی دەگرێت و ئەمەش وا دەکات لە گوتاری ئاسایی خۆیی جیابکاتەوە، بۆیە زمانی ئەدەبی تەنها زانیاریی ڕاستەوخۆی ژیانی ڕاستەقینە ناگوازێتەوە، بەڵکوو لە ڕێزی زمانی ناوازەی شیعری دونیای گوتاری خۆیی دروست دەکات و ئەمەش

---

[1] - مۆرای کریگەر لە ویلایەتی نیۆرك-نیوجەرسی ئەمریکا لە ساڵی 1923 لە دایك بووە، هەروەها لەلاجونا بیتس-کالیفۆرنیا لە ساڵی 2000 ز کۆچی دوایی کردووە. ئەو لەبواری ڕەخنەی ئەدەبییەوە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا پێنج بەرگی نووسیوە و بڵاوی کردووەتەوە، هەروەك خۆی باسی کردووە هەموویان بەیەکەوە لایەنەکانی گەشەکردنی یەك پرۆژەن، وەك یەك جەستەی تەواو دێنە بەرچاو لە ڕەخنەی تیۆری و پراکتیکیدا. بڕوانە: (Kartiganer:1974, 584).

دەکرێت هەڵگری واتایەکی قوڵتر و فراوانتر بێت (krieger:2019, 62-63).

**4- زمان لە پەیوەندییەکانی کۆنتێکستوالیزمدا:**

زمانی شیعری لە ڕێی زمانی نا ئاماژە و پەیوەندیی خۆبەخۆ و کارلێکی لەگەڵ وشە و پێکهاتەی شیعرییەوە پەیوەندی دروست دەکات، بۆیە وشەکان ڕاستەوخۆ ئاماژە بە جیهانی دەرەوە ناکەن، بەڵکوو لە ڕێی واتای وشەکانانەوە و بەهۆی پەیوەندییە کۆنتێکستییەکان، ئەو واتایە دروست دەکەن، لە ڕێی ئەوە پەیوەندییە وهاوئاهەنگییەی لە نێوانیاندا هەیە بەشێوەیەکی نائاماژە ئاماژە بە جیهانی دەرەوە دەکەن. (krieger:1969, 142)لای کریگەر کە بۆچوونی لەسەر کۆنتێکستوالیزم دەردەبرێت، هەروەها وەڵامی ساتۆن (Walter Sutton) دەداتەوە کە ڕەخنەگرێکی هاوسەردەمی کریگەر بووە و لەبارەی ئەو چەمکەی بەکاریهێناوە ڕەخنەی لێگرتووە، چونکە ساتۆن پێی وابوو کریگەر ئەم چەمکەی بەکارهێناوە بۆ زیاتر گەڕانەوە بۆ دەرەوەی تێکستە، بەڵام دواتر کریگەر بەشێکی قسەکانی بەلاوە پەسندە و پێی وایە کۆنتێکستوالیزم جگە لە کورتکردنەوەی ئەدەب لە جیهانی دەرەوەدا هیچ شتێکیتر ڕەت ناکاتەوە، بەڵکوو دەق دەکرێت هەڵگری واتای فراوانتر بێت، بەڵام ناکرێت دەرەوە بەتەواوی بەسەر ئەدەبدا فەرز بکەین کرایگەر وای دەبینێت دەق دەتوانێت بازنەیەکی فراوان بە دەوری خۆیدا بکێشێت و ئەم بازنەیەش لە زانیاری دەرەکی پێکدێت، کە بەبێ زانیاری پێشوەختە ناتوانین بچینە نێو ئەم بازنەیە، کەواتە لەم سۆنگەیەوە قسەکانی ساتۆن لە بارەی کۆنتێکستوالیزم ڕاستن، چونکە بێ زانیاری دەرەکی ناتوانین ڕوونتر لە واتای دەقەکە بگەین (krieger:1962, ) .85

بۆچوونی کرایگەر ئەو کاتەیە کە شیعر خۆی کۆنتێکستی خۆی دروست دەکات، بۆ تێگەیشتن لە شیعر و کردنەوەی واتا و دەلالاتی شیعرەکە ئەبێ لەناو زمانەوە بۆ واتا بگەڕێین و لە خودی شیعرەوە بگەڕیینەوە بۆ دەرەوە بۆ کۆنتێکست، هەر بۆیە کریگەر لەم بۆچوونەیدا لە فۆرمالیستی نزیك دەبێتەوە و جیاوازی لە نێوان فۆرم و ناوەڕۆکدا ناکات و پێی وایە دەق لەیەك کاتدا هەم ڕووخسارهەم ناوەڕۆکیشی لە خۆدا هەڵگرتووە، بۆیە لە چوار چێوەی یەك پێکهاتەیدا دەبینێت و کە ئەمەش وامان لێدەکات کە بە یەك چاو سەیری دەق بکەین، بۆیە کریگەر پێی وایە ئەوکاتەیە کە لایەنی جوانیناسانەی دەق دەبینین، چونکە ئەگە ر بەتەنها سەیری فۆرم ڕووکاری دەرەوەی دەق بکرێت، ناتوانرێت لە واتای قووڵی بگەین و لێکی بدەینەوە و کە ئەمەش هەنگاوێکە بۆ نزیکبوونەوە لە گوتاری شیعری، ئەم پەیوەندییە خۆبەخۆیەی شیعر وا دەکات، زیاتر نزیك ببینەوە لە کۆنتێکست، بۆیە کریگەر شیعر یەك پارچە دەبینێ ، هەم فۆرم و هەم ناوەڕۆك بەیەکەوە کاردەکەن و بەشدارن لە درووستکردنی تێگەیشتنێکی جیاواز لە دەقەکە و هەر بۆیە پێی وایە هێماکان ناتوانن بە تەنها کاربکەن، بەڵام کاتێك واتا دێتە ناو شیعر ئەو کاتەش دەرەوە و کۆنتێکست دێتە ناوەوە، بۆیە لە شیکردنەوەدا لەناو دەقەوە بۆ دەرەوە دەگەڕێینەوە(Krieger:1969,20-21)

**5- ڕۆڵی خوێنەر لە خوێندنەوەی کۆنتێکستوالیزمدا:**

کریگەر پێی وایە دەبێت وەها لە خوێنەر بڕوانین، کە سیماکانی دەقەکە دەپشکنێت و ئەو گۆڕانانەی لە پێکهاتەکانی دان دەیانخوێنێتەوە و ئاشنای دیاردەکەی نوێ و سیاق و کۆنتێکستێکی نوێ دەبێت، کە خودی دەقەکە بەرهەمیهێناوە، ئەو کۆنتێکستەی لەناو دەقەکەدا بەرچاومان دەکەوێت هەر ئەویان زاڵە بەسەر دەقەکەدا و خوێنەر ناچار دەکات لە نێو بازنەی ئەم کۆنتێکستە بخولێتەوە و جوانییەکان وەچنگ بخات، پێوستە خودی بازنەکەش خوێنەر ناچار بکات بازنەی کۆنتێکستەکەی فراوانتر بکات و بتوانێت لە ڕێگەیەوە فێری زۆر شت ببێت، خوێنەر لە بازنەی خودی خۆی بهێنێتە دەرەوە و ئەزموونەکانی وەلا بنێت و فێری ئەو جیهانە ببێت کە دەقەکە دروستی کردووە و بەراورد بە جیهانی خودی خوێنەر کە ئەوەی یەکەمیان تەواوتر و کامڵترە (Krieger:2019, 33) پێویستە ڕەخنەگر هەمیشە ئاسۆی هزری کراوە بێت بەرامبەر بە دەقە شعرییەکان، توانای ئەوەی هەبێت چوارچێوە جیاوازەکان بخوێنێتەوە، هەروەها ڕەچاوی ئەو چوارچێوەیەش بکات کە ڕەنگە شاعیر خۆی بەمەبەست خزاندبێتیە ناو دەقەکەی.

ڕەخنەگر پێویستە سوود لەو زانیارییانە وەربگرێت کە لەناو دەقەکەدا هاتوون، هەروەها ڕەچاوی ئەو جیهانە تایبەتییە و چوارچێوەکەی بکات کە خودی دەقەکە لە نێو خۆیدا بەرهەمی هێناوە، وەك ئاشکرایە هەر خوێنەرێك لە کاتی خوێندنەوەی دەقێکدا ئەو پاشخانە فەرهەنگییەی هەیەتی و ئەو شارەزاییەی لە ناسینی ڕەگەزە ئەدەبییەکاندا هەیەتی بەکاری دەهێنێت و تێکەڵاوی دەکات، لەگەڵ ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و دەروونی و ڕەوشتیگەرییەی ئێستا تێیدایە، دەبێت ئەم واتایە لە خودی دەقەوە سەرچاوە بگرێت، و ئەمەش ئەو کاتەیە کە دەقەکە دەخوێنینەوە، تەنانەت کریگەر دەڵێت ئەم قۆناغە شتێکی ئاسان نییە، لە سەرەتای بەیەك گەیشتن لەگەڵ دەقدا، بەڵام دواتر خودی دەقەکە خوێنەر لە وشەکانی نێو نووسینەکەوە دەگوازێتەوە بۆ هەر یەکێك لەم چوارچێوە و لایەنانە، بەڵام ئەوەی لێرەدا مایەی نیگەرانییە ئەوەیە کە دەقەکە تەنیا لەنێو بازنەی ئەم ئەزموونە پێشینانە قەتیس بکرێت، بەڵکو پێویستە واتای نوێی نێو دەقەکە و جیهانەکەی ڕەچاو بکەین. (Krieger:2019, 33).

**6- کۆنتێکستوالیزم لە پەیوەندییەکانی نێوان خوێندنەوە و خوێنەردا:**

کریگەر دەگاتە ئەو باوەڕەی کە وشەکان لە زۆر شوێندا پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەیە، پێیوایە ڕەخنەگری کۆنتێکستوالیزم و بەشێکی زۆری ڕەخنەگرانی تر، هەرگیز ناتوانین پەیوەندی بەهێزی نێوان وشەکانی نێو دەقی شعر و وشەکان لە گوفتارەکانی ڕۆژانەی خەڵکیدا و تەواوی ژیان ڕەتبکەینەوە. (Krieger:1962, 84) کریگەر یەکگرتوویی یەکپارچەیی لە دەقی ئەدەبی دەبینێتەوە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا ئەو یەکگرتووە لە پاشخانی کەلتووری خوێنەریشەوە دێت، واتە خوێنەر کاریگەری کەلتوور و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی بەسەردا زاڵە، بۆیە لە شیکردنەوەی دەقی ئەدەبیدا بەهەمانشێوە ئەو کاریگەرییە هەیە و دەبینرێت و هەروەها هەستی پێ دەکرێت، بۆیە شێوەی دەقی ئەدەبی یەك پارچە نییە، یەکسەر خوێنەر درکی بکات، لە کاتێکدا کە دەقەکەی بەرچاو دەکەوێت، بەڵکو دەبێت بزانین کە تەنیا هەندێك جار دەکرێت یەکپارچەیی دەقی ئەدەبی لە یەکەم خوێندنەوەدا دەربکەوێت، لە زۆربەی

کاتەکاندا تێگەیشتن لە پەیوەندییە ئاڵوگۆڕییەکەی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی دەقی شیعری، پڕۆسەیەکی هەنگاو بە هەنگاوە و پەیوەستە بە کاتەوە، هەرگیزیش تەواو نابێت، زۆر جار پێویست دەکات بگەڕێینەوە بۆ خودی دەقی شعرەکە و دووبارە بیخوێنینەوە، لە بەشێك لە جارەکانیش ڕەنگە دابڕانێکی کاتی هەبێت لە نێوان خوێندنەوەکاندا، بەڵام تەنانەت لە کاتی ئەم دابڕانانەش، کە هەندێك جار ساڵانێك دەخایەنێت، بەڵام بیرکەوتنەوەی خوێندنەوەی ڕابردوو بە جۆرێك لە جۆرەکان شتێکە کە هەر دەمێنێت، دەقی ئەدەبی هەمیشە پاڵنەرێکی جوانکارییە، لە کاتێکدا تێگەیشتنی خوێنەر لە شکڵ و شێوەی دەقەکە هەمیشە دەگۆڕێت، بە گۆڕانی ئەزموونەکەی لەگەڵ دەقدا، ئەم پرۆسەیە دوور و درێژ و پارچە پارچەیە بەزۆری بەشێکە لە سەوداسەریکردنی خوێنەر لەگەڵ دەق بۆ وەرگرتنی و دۆزینەوەی جوانییەکانی دەق( Krieger:1962, 85).

ئەو گۆڕانەی کە لە بۆچوون و پاشخانی کەلتوری خوێنەرەوە دەدۆزینەوە، هەر هەمان شتێشە لە خودی بەرهەمی ئەدەبی هەیە و بەکارلێك و هەماهەنگی ئەو جۆرە لە هارمۆنییە دروست دەبێت، کە دواتریش بۆ شیکردنەوەو تێگەیشتن لە ئەدەب بەکاری دەهێنێت، چونکە کەلتوور ڕاهێنانی پێکردووین کە بیرو هزرمان گەشە پێ بدەین، هەمان شتیش ڕەنگدانەوەی بەسەر دەقی ئەدەب دەبێت (krieger:1990, 96-97) بۆیە مۆرای کریگەر کاریگەری و ڕۆڵی ڕەخنەگر بە گرنگ دەزانێت کاتێك بە هاوئاهەنگییەك لە شیکردنەوەی دەقی ئەدەبیدا پەیڕەو دەکەن، ئەویش سەرەتا هەستکردن بە شیعر و تێکەڵبوونی و دواتر شیکردنەوەی وردو ناوەخۆیانە لەڕێی ئاماژەوە بۆ واتا بگەڕێین و کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بەتەنها باسکردنی فۆرم لە پێناو دەرەوە یاخود بە پێچەوانە زاڵکردنی دەرەوە بە تەواوی بەسەر دەقی ئەدەبی پرۆسەی شیکردنەوەکی دروست تێك دەدات. بەکارهێنانی چەمکی کۆنتێکستوالیزم شێوازێکی نەرمە و کە هەم فۆرم و هەمیش ناوەڕۆك لەخۆ بگرێت، بەو واتایەی لەناو دەقەوە بۆ کۆنتێکست بگەڕێینەوە، ئەویش لەڕێی شیکردنەوی ئەو ئاماژە و هێمایانەی کە شاعیر بەکاریهێناوە، بەبێ ئاماژەدان بەو بارودۆخەی کە لە دەرەوە زۆرجار بەناو کۆنتێکست بەسەر دەقی ئەدەبی دەسەپێنن، پێچەوانەش بە تەنها باسکردنی فۆرم و فەرامۆش کردنی واتا کە ئەمەش کوشتنی لایەنی جوانی ناسانەی دەقی ئەدبیە و هەروەها داخستنی دەرگایە بەڕووی کردنەوەی واتای دەقەکە.

### 7- کۆنتێکستوالیزمی ڕەخنەیی تێکستی لاوکی هەڵەبجە، بەپێی ڕوانگەی تیۆری مۆرای کریگەر

### 7-1- ئاستەکانی زمان وەک ڕەهەندی واتایی لە لاوکی هەڵەبجەدا:

دەق لە پەیوەندییەکی قوڵی زمانیدا لەچوارچێوەی بەهێمابوون دایە، تا ڕێڕەوی دەلالەتەکانی دەرکەون، پێویستە زمانییەکەی لە ئاستی جۆراوجۆرەوە بخرێتەڕوو، یەکێک لەوانەش ئاستەکانی زمانە. لە ڕێی کەرەسە و پێکهاتەی ڕێزمانی و وشە و دەستەواژەکان دەکەونە ناو چوارچێوەیەکی بۆشایی دەق، تا لە ڕێی بەشداری خوێنەر بەو کۆنتێکستە ناوەخۆییەی کە دەق دەیخاتە بەردەست، لەناو بۆتەیەکی دەلالیدا کەشف ببن. لە لاوکی هەڵەبجەدا زمان و هێما بۆ ئاماژەکردن بە تراژیدیای هەڵەبجە نابنە گێڕانەوەی مێژوو، بەڵکوو گێڕانەوەیەکی کرانەوەیە بەرامبەر تراژیدیای هەڵەبجە، بەتایبەتی لە ڕێی کۆنتێکستە ناوخۆییەکەی دەق لە ڕێی زمان و هێماوەوە لە خوێندنەوەیەکی دیاریکراودا بەرەو خوێندنەوەیەکی کراوەی ڕوانگەی خوێنەری دەمان بات.

کۆپلەی یەکەمی لاوکی هەڵەبجە[2] وەک لە دیوانەکەیدا هاتووە:

**بەتەنیا جێی مەهێڵن**
**ئەمشەو زریان دەیچێنێت**
**تەم و مژ دایدە پۆشێت**
**مانگە شەو دەیرفێنێت**
**گەرووی بە گزنگ تەڕکەن**
**زامەکانی بە شیلان**
**بە گۆرانی داپپۆشن**
**یان بە سەوزەیی دارستان**
**سەری بە شەپۆلا کەن**
**با ئەم شەوە ڕایژێنێت**
**باڵای لە هەور بگرن**
**بروسکە و -با- دەچێنێت**
**بەتەنیا جێی مەهێڵن**
**منداڵێکی لاسارە**
**شارد بەردەباران دەکات**
**مانگ دەکات بە کۆلارە**
**سوارە، چ شۆرە سوارێک**
**ئەسپی هەتاو زین دەکات**
**بە گۆرانی و تیشک و ماچ**
**سەر زەمین بەرین دەکات**
**با کەژاوەی لە گوڵ بێت**
**یان لە پەلکە زێرینە**
**زەماوەندی خوێن دەگرێت**
**ئەمشەو پاشای ئەڤینە**
**ئاشقێکی لاسارە**
**بروسکە و -با- دەیچێنێت**
**بەتەنیا جێی مەهێڵن**
**مانگەشەو دەیرفێنێت.**
**بەنێو کێڵگەی خۆڵەمێشدا هەنگاو دەنێم**
**چنگێک شەپۆڵ دەچنمەوە**
**بەسەر باڵای ئێواردا هەڵی دەخەم.**
**لە نێوانی سوتان و گوڵەگەنمدا**
**سرودێک دەمنووسێتەوە.**
**باوەشت بۆ دەگرمەوە**
**قۆڵەکانم لە لە درەختی خۆڵ دەئاڵێن**
**قۆڵەکانم وەک تاڵەخوێن**
**بەسەر بنارو ئاسۆدا شۆڕ دەبنەوە.**

2- لاوکی هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٩ نووسراوە. تێکستێکی درێژە لە لاپەڕە ١٠٥ دەست پێدەکات. تا لاپەڕە ١٤٨. لەم توێژینەوەیدا تەنها کۆپلەی یەکەم وەرگیراوە ل١٠٥- ١١٠.
بروانە: دیوانی ڕەفیق سابیر، بەرگی دووەم (١٩٧٥-١٩٩٠)، چاپی یەکەم، 2013 ، ناوەندی غەزەلنووس، ل١٠٥-١٤٨.

وشە فەرهەنگییەکانی ناو تێکستەکە پێکهاتەیەکی گرنگی واتاکانی ناو تێکستەکەن، لە ڕێی ئەو وشە فەرهەنگیانەشەوە ئاستی واتایی و گوتاری تێکستەکە ئاماژەکانی خۆی دەخاتەڕوو، لە تێکستی لاوکی هەڵەبجەدا ناو پێکهاتەیەکی گرنگی بنیادی دەلالی دەقەکە پێک دەهێنێت، لە باری بنیادیدا یەکانگیربوونی ئاستەکانی زمان وەک هاوبەشییەک بەرەو فرەدەلالەتی کۆیان دەکاتەوە، لە ناو کێڵگەیەکی واتایی هاوبەش بە ئاماژەکانی تراژیدیاوە لە ناو کۆمەڵێک وێنەدا خۆیان بەرجەستە دەکەن، وشە فەرهەنگییەکانی ناو تێکستەکە بریتین لە: (زریان، تەمومژ، مانگەشەو، گەروو، گزنگ، زام، گۆرانی، سەوزەیی، دارستان، سەر، شەپۆڵ، با، باڵا، هەور، بروسکە، منداڵ، شار، بەرد، مانگ، کۆلارە، سوار، ئەسپی هەتاو، زین، گۆرانی، ئاشق، تیشک، ماچ، سەر زەمین، ئاهەنگ، وڵاتان، دنیا، کەژاوە، گوڵ، پەلکەزێڕینە، زەماوەند، پاشای ئەڤینە، کێڵگەی خۆڵەمێشدا، چنگ، شەپۆڵ، باڵای ئێوارە، سوتان، گوڵەگەنم، سروود، باوەش، قۆڵ، درەخت، خۆڵ، تاڵەخوێن، بنار، ئاسۆ). لە ناو فەرهەنگی ئەو ناوانەدا کە دەبنە بەشێک لە ی کۆنتێکستی ناوەخۆی دەق، زیاتر خۆیان لە واتا فراوانەکانی دیکەی پشتی واتا فەرهەنگییەکە دەبینن.

لە کۆی ئەو واتە فەرهەنگییەدا ماتەم و سروشت ئامادەیی هەیە، هەریەکە لەو واتا فەرهەنگییەدا دواجار دەچێتەوە ناو ئاستێکی دیکەی واتایی کە فروانبوونی واتایی بەدوای خۆی دەکێشێت. وێنەی جۆراوجۆر لەناو ئەو فەرهەنگەدا خۆی لە دەستەواژەی واتایی دەبینێتەوە، دواجار وەک وێنەیەکی گوتاریی گشتی تراژیدیی لە چوارچێوەی گوتاری دەقەکە خۆی دەخاتەڕوو.

لە پاڵ فەرهەنگی ناوی، کار لە پەیوەندی بە ناو پێکهاتەی دیکەی تێکستەکەی لاوکی هەڵەبجەیە، یەکانگیربوونی دەقەکە لەنێوان فەرهەنگی کارەکانی ناو و کار لە تێکستەکەدا بەرە و ئاستی واتایی دەکشێن، واتە یەکێکی دیکە لەو ئاستانە لە ئاستی فەرهەنگی دەقەکەوە بۆ واتایی قووڵ دەکێشێت، پێکهاتەی واتایە لە ڕێی بنیادی ناو و کارەوە دواتر بەرەو گوتاری تێکستەکە شۆڕدەبێتەوە، ئەم تێپەڕاندنەش لە ڕێی ئاستی کارەکانی ناو تێکستەکەوە سەرچاوە دەگرن، کە بریتیین لە: (جێهێشتن، داپۆشین، ڕفاندن، تەڕکردن، شێلان، داپۆشین، سەر بەشەپۆڵکردن، ڕاژەنین، باڵاگرتن، چاندن، بەردبارانکردن، بەکۆلارەکردن، زینکردن، سەرزەمین بەرینکردن، زەماوەندگرتن، هەنگاونان، چنینەوەی شەپۆڵ، هەڵخستن، سرود نووسینەوە، باوەش بۆ گرتنەوە، قۆڵ شۆڕبووەنەوە). وێڕای هەبوونی دەلالەتێکی بزاوتی لە ناو تایبەتمەندی کارەکاندا، کە تایبەتمەندییەکی دەروونیی واتایی و دژبەری دەگرنە خۆیان.

هەر یەکێک لەو دەستە وشە فەرهەنگییەی ناو و کار بەرەو وێنەیەکی واتاییمان دەبات، لە ڕێی وێنەی بچووک و مۆتیڤە پێکهاتووەکانی وێنە ییەکانەوە بەرەو گوتاری تێکستەکە ئاڕاستەمان دەکەن، بەشێک لەو یەکانگیربوونە فەرهەنگیانە بەرەو دەستەواژەی دەلالی دەڕۆن وەکو: (جێهێشتن وتەنیایی، داپۆشینی تەمومژ، مانگەشە و فڕاندن، گەروو و تەڕکەن، زامەکان و شێلان، بەسەوزایی و گۆرانی داپپۆشن، سەر بەشەپۆڵکردن، با و ڕاژەندن، باڵا و هەوور، بروسکەو با چاندن، بەتەنیای و جێنەهێشتن، لاساری و منداڵ، شار و بەردباران، مانگ و بە کۆلارە کارەکردن، سوارە و ئەسپ زینکردن، بە گۆرانی و تیشک و ماچ بەرینکردنی زەمین، ئاهەنگی و دنیا، با کەژاوەی گوڵ و پەلکە زێڕینە و زەماوەندی خوێن، پاشای ئەڤین، کێڵگەی خۆڵەمێش و هەنگاونان، شەپۆڵ و چنینەوە، هەڵخستن و باڵای ئێوارە، نووسینەوەی سرود، باوەشگرتنەوە بە خۆڵ و ئاسۆ و بنار، شەو زریان). هەموو ئەو دەستەواژە واتاییانە بەشدارن لە وێناکردن و پێکهێنانی ڕەهەندە واتاییەکانی ناو تێکستەکە کە وەک دیوێکی ی و فۆرمالیستی لێکچوونێکی هاوبەش لەنێوان ئەو هەموو وێنانەوە کۆیان دەکاتەوە.

پێکهاتەی فەرهەنگی ناو تێکستەکە لە وێنا و ئاستی واتایی لە ڕێی دەستەواژەی دەلالی و دواتر بۆ ڕێزمانی و کاری ناو تێکستەکە، بەرەو گوتارێکی دلالی قووڵتر دەمان بات. لە ڕێی پێکهاتەی هەر یەکێک لە وێنەی جێهێشتن و زام و تەنیابوون و کە دۆخی حاڵەتی تراژیدیابوون لە چوارچێوەیەکی تەنیابوون و مانەوە لە گەردوون وەک ڕووداوێکی بێئاگای لە ڕێی دەنگی شیعرییەوە بانگێک و هەواڵدانێک دەخاتە دۆخی گۆتارێک "بەتەنها جێی مەهێڵن". لە بەشی دیکەی تێکستەکە کە زیاتر لە ناوەڕاستی تێکستەکەدا خۆی دەبینێت، تێکستەکە وەسفکردنێکی منداڵی لاسار و بەری لە ناو سروشت و بێخەبەری و جوانی ژیان سەربزێوانە خەریکی کایەکانییەتی، دواتر وەک شۆرەسواری وەک عاشقێکی لاسار کراوە بە ناسنامەی ڕووداو و شوێنەکە، دەیکاتەوە بە بەشیکی دیکە وەک دەلالەتێکی بێئاگایی دنیا و دواتر شاعیر لە بەشی کۆتایی شیعرەکەدا وەک گوتاری کۆتایی شیعرەکە خۆی لە دەرەوەی دنیا و زەماوەندی دنیا خۆی دەبێتەوە، شەهیدبوون و تراژیدیای مردن بە لاوانەوە و باوەشکردنەوە بەخاک و ناسنامەی تراژیدیاکە وەک ڕەهەندێکی زیندوومانەوە دەبەسترێتەوە، بە زیندوویەتی و بەپێوەبوونی داهاتوو و دەرکەوتنی ئاسۆی بنارەکانی دیکەی بوونە.

**7-2- ی بەهێمابوونی دەق لە ڕێی زمانی شیعری لاوکی هەڵەبجەدا :**

لە دەستپێکی تێکستەکەدا چەقی تەنیابوون وەک هێمایەکی واتایی لە شەودا دەبێتە گرێی بە تەنیا جێنەهێشتنی پشتی ئەو گێڕانەوەی کە تێکستەکەی لەسەر دامەزراوە، بۆیە لە نێوان تەنیابوون و جێهێشتن، ئەمشەو وەک هێمایەکی فرە ڕەهەند خۆی دەردەخات. وەک لە شیعرەکەدا هاتووەوە:

**بەتەنیا جێی مەهێڵن**
**ئەمشەو زریان دەیچێنێت**
**تەمومژ دایدەپۆشێت**
مانگەشەو دەیڕفێنێت (سابیر، 2013، ١٠7)

شەو تەنیا ئاماژە و هێمانییە بۆ ڕەشی و تاریکایی و بێ ئومێدی و کپی، بەڵکو لەو تێکستەدا وەک ئاماژەیەک لەبێدەنگبوونی دنیا بەرامبەر تراژیدیدا ڕووداوەکان شاراوە دەبن، لەناو مانەوە و بەجێهێشتنی دنیا دەچەنەوە، واتە لەبیرچوونەوەی دنیایە بەرامبەر تراژیدیا، ڕفاندنی ژیانە لە مانگەشەودا واتە لەناو تاریکیدا ترژیدیاکە دیارە بەهۆی ئەو بینابییەی جیهان هەیەتی، شاراوەکراوە.

لە شیعرەکەدا هەندێک لەو وشە فەرهەنگییانەی کە بەکارهاتوون وەک (زام و گەروو) بەرەو ئاماژە هێماییەکانی ناو تراژیدیای وێنەیەکمان دەبەن، کە دەکرێت وێنایی کۆی ئەو

تراژیدیایە بێت کە مردن و خنکانی کیمیاییە، بەجۆرێک کۆی خنکاوەکان لە وێنەیەکدا دەیکاتە جەستەیەکی بەرهەست، بۆیە لە داوای بەجێ نەهێشتن و تەنیابوونی ئەو بوونە تراژیدییە کە جیهان لێی بێ ئاگایە، وەک جەستەیەکی بەردەست، کە دەکرێت لەو بەجێنەهێشتنە فرێندرابێت، بەڵام وەک بەشەکانی جەستە هێشتا پێویستی بە بە تیمار و ناساندنە:

گەرووی بە گزنگ تەڕکەن

زامەکانی بە شیلان ( سابیر:2013 ، 107)

گەروو لە پەیوەندی بە بەخنکان و تینوییەتی بەهۆی گازی کیمیاییەوە وەک ئەندامی ئەو جەستەیە دیارە، بەڵام لێرەوە پێکەوە هاتنی فۆرمی (گەروو و گزنگ) ئاماژەن بۆ دووبارە ژیانەوە و هیوا، چونکە هۆکاری مردن بە گازی کیمیایی لە ڕێی خنکانەوە بوو، بەڵام گزنگ وەک سەرەتایی ژیانەوە و هیوا و ڕۆژیکی نوێیە، واتە دووبارە ئاشنانە بنەوە بە ژیان، بۆیە گزنگ ئاماژەیە بۆ دوای بێئاگایی تراژیدی و تاریکایی جیهان، گزنگ دەربکەوێت و زامەکان بلاوێندرێنەوە، جیهان بەئاگابێتەوە.

بە گۆرانی داپۆشن

یان بە سەوزەیی دارستان (سابیر:2013، 107 )

لە دێڕەکەی پێشوتردا گوڵی (شیلان) وەک سروشت و ناوخۆییانە هێمایە. وەک سروشتی کوردی بۆ تیماری ئەو زامەیە تەنها بەبوونی خۆیەوە خۆی و سروشتی خۆی تیماری دەکات، (گۆرانی) گوزارشتە لە گێرانەوە و گێرانەوەی ئەو هەستە گشتییەی کورد هەیەتی، ئاماژەیە بۆ زیندوو ڕاگرتن و واتاوە وەک هەستێکی گشتی، گوێزانەوەی ئەو ڕەهەندە دەروونییەی کە پێویستە بگێردرێتەوە لەبەرامبەر بێ ئاگایی جیهان، بۆمانەوە و نەوای تراژیدی بێئاگاییانەی جیهان. بەدیوێکی دیکەش ئاماژە و هێمایە بۆ وشیاری و جیاوازی کەلتووری و زیندوویی گەل و نووسینەوەی تراژیدا لە ڕێی هونەرەوە کە سیمایەکی تراژیدیای گێرانەوەی کوردییە لە ڕێی گۆرانییەوە، یان وەک ژیاندنەوە لە ڕێی سروشتی خۆیەوە، بەسەوزایی و دارستان کە ئاماژەی ئامادەیی بوونی کوردە لە ناو سروشتدا، یان بە واتایەکی دیکە زیندوویەتی دووبارە لەدایکبوونەوەیە لە ناو ڕەگی بووونایەتی خۆیدا.

## 7-3- باڵادەستی ی وێنەیی هەستی بینین لە شیعری لاوکی هەڵەبجەدا:

ئەوەی لە گوتاری شیعرەکەدا ئامادەیە، نەبینین و پێنەزانینی چەرخی گەردوونە، لەبەرامبەر هەموو ئەو وێنانەی کە شاعیر وەک هەستی بینین دەیانخاتەڕوو، شاعیر ڕووداو ناگێرێتەوە، بەڵکوو گوتارە زەمەنییەکانی کاتی ئێستا و داهاتوو و ڕابردووی پشتی ڕووداوەکان دەگێرێتەوە، کۆی تراژیدای ڕووداوەکە لە ڕێی بەکەسکردنەوە، بەئاوێتەکردنی توخمەکانی سروشتەوە، توخمەکانی سروشت وەک هاودەم لە وێنە شیعرییەکاندا بەشداری پێدەکات، بۆئەوەی تراژیدیایەک لە شێوەی یەک جەستەی قوربانییەک یان منداڵێکی سەربزێ و لاسار پیشانی بدات، کە دەرفێندرێت، یان زامدار دەکرێت، کەس نایبینێت سروشت داڵدەی دەدات، سروشت هاودەمی دەبێت لەبەرامبەر ئەو سروشتە وێرانکارییەی کە دیوێکی دیکەی سروشت و مرۆیە:

**سەری بە شەپۆلان کەن**

**با ئەم شەوە ڕایژێنێت**

**باڵای لە هەور بگرن**

بروسکەو- با- دەچێنێت (سابیر:2013، 108)

لێرە تراژیدیا بەمنداڵێک کراوە کە لە ڕێی ئاماژەکانی دیکەی وەک سەری بەشەپۆلا کەن تاوەکوو با ڕایژێنێت و باڵای لە هەوربگرن مەبەستی بێشکە و ڕاژاندنە، لەڕێی ئەو شاردنەوەی وێنەیەوە وێنەیەکی بەرهەستی و بینین لە ڕێی کەرەسە زمانییە ئەبستراکتەکەیەوە بۆ ئێمە دەردەکەوێت، کە تراژیدیا وەک منداڵێک پێویستی بەژیبوونەوە هەیە، یان تا پارێزگاری لێ بکرێت بەهۆی ئەو سروشتە دڕندایەتییەی لە ڕێی سروشتی باو بروسکەوە پیشاندراوە، شەکەت و کەنفت بووە، بۆیە لە شیعری لاوکی هەڵەبجەدا وێرای زنجیرەی وێنەی شیعری، کە منداڵ و بەجێهێشتن و مەترسی و ساوایی زامدارییە، ئەو تراژیدیایە پێویستی بە لاواندنەوە و ڕاژاندن هەیە بۆ ئەوەی وەک منداڵ لەبەرامبەر هێزی بروسک و بای ستەمکاری خۆی لەبیربچێت. وێنەیەکی دیکەی ناو تێکستەکە ئاماژەکردنە بە منداڵێکی هەراشبووی لاسار، لە بەردبارانکردن و کایە لەگەڵ سروشتدا، ناسنامەی سەربزێوی پێدراوە، قۆناغێکی دیکەی گەورەبوونە لە وێنە بەرجەستەییەکانی وێنەی بینیندا وێنەی تراژیدیاکە لە ڕێی وێنەی منداڵێکی دیکەدا دەخاتەڕوو، کە خەیاڵ و خولیای سەربزێوی تێدایە، ئەمەش لە سروشتی زیرەکایەتی و هەڵپەی داهاتووی دایە، نابێت نەبیندرێت:

**بەتەنیا جێی مەهێڵن**

**منداڵێکی لاسارە**

**شار بەرد باران دەکات**

**مانگ دەکات بە کۆلارە** (سابیر: 2013، 108)

بەردبارانکردن، زیرەکایەتی و زرنگی و سەربزێوییە، بەبەردبارانکردن باڵادەستی پێشوەختەی گەورەبوونە، شار وەک سروشتی مرۆیی دەخاتە ژێرکۆنترۆڵی خۆی و لە سروشت نزمتری دەکاتەوە. خەیاڵ و بیرتیژی و لە ڕێی بەرزبوونەوە سروشت و کە بە مانگ دەربڕاوە، وەک هێمای تروسکایی خەیاڵێکی تێپەڕاندن و فراوان بوونە، بۆیە نابێت وەک بینین لەبیر جیهان بچێتەوە.

لە پاڵ ساوایەتی وەک وێنەیەک لە قۆناغی یەکەمی تراژیدی، منداڵی لاساری وێنەی دووەم و وێنەی سێیەم وێنەیەکی دیکەی ناو تێکستەکە لاویتییە. سوار و ئەسپ وێنەی پێگەیشتن و هێمای بەرخودان وزرینگی و ڕەسەنایەتییە کە بە ئاشقێکی لاسار وەسفی کراوە، وەک ئەوەی لە ئەفسانەی کوردیدا ئەسپی با هەیە، ئەسپی هەتاویش وێنەیەکی میتافۆڕی شیعرەکەیە لەناو کەلتوورەوە هەڵێنجراوە، ئەسپی خۆرهەڵاتن و ڕاوانی شەوە (ئەسپی هەتاو زین دەکات). واتە لە تاریکی شەو و منداڵی ساوای زامدارەوە بۆ منداڵێکی خەیاڵ تیژی ناو سروشت و ڕەخنەی مۆدێرنە کە قۆناغی شارە، دێتەوە ناو هونەر ڕەسەنایەتی خۆی و زانست و ئاشتەوایی (بە گۆرانی و تیشک و ماچ)، بینایە بەرتەسکەکانی جیهان فراوانتر دەکات (سەر زەمین بەرین دەکات)، بەو تێگەیشتنەوە (بەتەنیا جێی مەهێڵن) خۆی سەردەستەی فراوانکردنی بینینەکانی گەردوونە.

**سوارە چ شۆرە سوارێک**

**ئەسپی هەتاو زین دەکات**

**بە گۆرانی و تیشک و ماچ**

سەر زەمین بەرین دەکات (سابیر:2013، 108)

ئەو وێنە شیعرییەی کە خۆی لە گێڕانەوەیەکی زەمەنی یەک بەدوای یەکداهاتوو، حیکایەتێکی تراژیدی نەتەوەیەک دەچنێتەوە، کە بەتەنیا جێهێڵدراو و بە منداڵێکی لاساری ڕوخێنەر سەیرکرا، کەچی ئەمڕۆ ڕێڕەوە بەردەوامییەتییەکەی لە بونایەتی زەمەن و شوێندا بینین و خۆسەلماندن فراوانترکرا.

### 4-7- سیما واتاییەکانی کۆنتێکستی ناوەخۆیی لاوکی هەڵەبجە

لە درێژەی کۆپلەی شیعرەکەدا سیمایەکی دیاری ناو لاوکی هەڵەبجە بریتییە لە فەرهەنگێکی هاوواتایی و دژەواتایی کە پێکهێنەری ئێستاتیکی شیعرەکەن. لە زۆر باردا وشەی هاوواتا و دژەواتا بەکاردەبرێن، بۆ وێنەی شیعری و فرەوێنەیی ناو شیعرەکە کەرەسە فەرهەنگییەکان زیاتر وەک کێڵگەیەکی واتایی دەبینرێن، کە پەیوەندییان بە مرۆڤ و سروشتەوە هەیە، لە پەیوەندی بەمرۆڤدا زیاتر دیووە دەروونییەکەی و ماتەمییەکەیان هەیە، تەنانەت لەو وشانەش کە واتاییەکی دڵخۆشیان هەیە وشەکان بە پێی سیاقی تێکستەکە واتاکانی ئاواژو و پێچەوانە دەبێتەوە وەک (ئاهەنگ، کەژاوە، گوڵ، پەلکەزێرینە، زەماوەند، پاشای ئەڤین). بەشێکی دیکەی سیمای واتایی شیعرەکان دەرخەری سروشتن لە پەیوەندییەکانی بەمرۆڤدا دەرکەوتوون وەک ژیانەوە و بەخشینی ئارامی و هیوا و ئومێد و بوونایەتی مرۆڤن لەبەرامبەر لێکەوتەکانی تراژیدیادا.

بژاردەی هەر وشە و دەستەواژەیەک لای شاعیر ئامانجدارە و بەهەمان شێوەش لە پەیوەندی بەخوێنەرەوە فرە ڕەهەندە، یەکێک لەو تێگەیشتانەی لە وێنە لە کۆپلەی شیعرەکانەوە دیارە پەیوەندییەکی کۆنتێکستوالیزمە لە چوارچێوەی فەرهەنگی واتایی و فەرهەنگی واتا کەلتوورییەکان ئامادەیە، لەگەڵ واتای دیکەی خوێنەر زۆرجار بەرامبەر و دژی دەبن لەبارەی ڕاڤەی ڕەخنەییدا یان هەندێکجار بەیەکانگیری واتای کۆنتێکستی ناوخۆیی دەقەکە، لە پەیوەندی بە کۆنتێکستی دەرەوەی خۆشیدا تێگەیشتنێکی دیکەی واتاییمان پێشکەش دەکات، وەک لەو کۆپلەیەی کە دەڵێت:

**با کەژاوەی لە گوڵ بێت**
**یان لە پەلکە زێرینە**
**زەماوەندی خوێن دەگرێت**
**ئەمشەو پاشای ئەڤینە** (سابیر:2013، 109)

کەژاوەی گوڵ ئاماژەیە بۆ گەنجی و لاوی ئەوانەی بەشدارن، هەموان تازە پێگەیشتوون، چاوەڕێی ئاهەنگێکی پرخۆشی دەکەن، بەڵام دواتر وێنەکە دەگۆڕێت کاتێك خوێن دێتە ناوەوە، لە کەلتووری کوردیدا خوێن لەپەیوەندی بە شەوی زاوایەتدا ئاماژەیە بۆ نیشانەی پێگەیشتن و کامڵبوون، بەڵام (زەماوەند و خوێن) بەیەکەوە هاتن ئاماژەن بۆ تێکچوونی خۆشی و شادی گۆڕینی بۆ مردن و کوشتن، هەروەها بەیەکەوە هاتنی هەرسێ وشە (گوڵ، پەلکە زێرینە، خوێن)دژیەکی و واتای پێچەوانە دەدەن و هەڵگری واتای جیاوازن هەر یەکەیان لە دۆخ و کۆنتێکستی جیاواز بەکاردێن، بەڵام بەیەکەوە هاتنیان واتای خواستراوە (گوڵ و خوێن) گوڵ نیشانەی جوانی و گەشی و ژیانە، خوێن نیشانەی کوشتن و مردن و شینە، بۆیە لە نێوکەلتووری کوردیدا شین و شایی یاخود گوڵ و خوێن ـ هەردووک ئاماژەن بۆ خۆشی و ناخۆشی. (پاشای ئەڤین) ئاماژەیە بۆ ئەو لاوەی لە سەرەتای شەوی زاوایيەتیدایە خۆی بەخاوەنی هیچ دەسەڵات دارێك نادات، بەڵام ئەم جارە خەرقی خوێن و مردنە، جیا لە خۆشی. لە نێوان سیما واتاییەکانی ئەو پەیوەندییە کەلتوورییە و ئاوەژووبوونەوەی واتا لە ڕێی تراژیدیای هەڵەبجەوە بەستنەوەی بە مەرگدۆستی لەبەرامبەر ژیاندۆستیدا درێژکراوەی سیمای ئەو وێنانەی دیکەن کە منداڵێکی ساوا و مێرمنداڵێک و لاوێکی خورت، لەناو ژیانێکی کێویانە و سروشت و بەریئانەی خۆیاندا بەرەو مەرگدۆستی ڕاپێچ دەکرێن، دواتر ئەو وێنانە دەبنە ئەدگاری بێئاگایی جیهان، کە شاعیر دەیەوێت بڵێت بەتەنیا جێی مەهێڵن.

### 5-7- دەلالەتی گێڕانەوە وەک کۆنتێکستی ناوەخۆ لە نێوان جێناوەکانی (ئەو و من)دا:

بنیادی سەرەتای کۆپلەی تێکستەکە، تا دەگات بە بەشی کۆتایی کۆپلەکە، شاعیر وەک دەنگی تراژیدیا جێناوی ئەو لە دەرەوەی ئاگاییانەی (من)ی تراژیدی بەرکاری دەهێنێت، ئەمەش پەیوەندی بەو واتایانەوە هەیە، کە لە بنیادی بەردەوامی تێکستەکە دەیەوێت ئەوی دیکە لەبەرامبەری ئەودا بێدەنگ نەبێت و ببینێت، هەروەک لە وێنەی چەند گێڕانەوەیەکدا بەرجەستەی کرد. وێنەی تراژیدیاکانی خستەڕوو، ئەگەرچی دەیەوێت هەوڵی دەنگدانەوە و پارێزگاری زامداری و تراژیدیای ئەڤین و لەبیرچوونەوە، بە گوێی ئەوانیتر بدات و بەتەنها جێنەهڵدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا حیکایەتی تراژیدیاکە لە ناو بوونایەتی خۆیدا جیهان دەتەنێ، وەلێ چیتر شاعیر نایەوێت بڵێ بەتەنیا جێی مەهێڵن، چونکە لە تاریکی مانگەشەودا کە دەکرێت ببینرێت، نەبینرا، بۆیە دەنگی ئەویتر دەبێتە دەنگی من. من خۆی حیکایەتەکانی خۆی دەنوسێتەوە خۆی ئەو بوونایەتییە دەخاتەڕوو، لە میتافۆرەکانی (کێڵگەی خۆڵەمێش، چنینەوەی شەپۆڵ، سوتانی گوڵەگەنم) کە دوای ئەو بێدەنگییەی گەردوون، ماتەمییەکانی خۆی وەک بوونایەتی بە سروستی خۆیەوە دەبەستێتەوە. بزاوتی گەران و جوڵان لەناو وێنەکان و ڕووداوەکاندا کە سیمای کۆی تێکستەکەیە، دواجار خۆی لەناو دەنگی شیعرەکەدا سروودێک وەک نەمری و باوەشکردنەوە و گێڕانەوە لە ڕێی جێناوی منەوە لە دەرەوەی تۆ و ئەویترەوە، باوەشی بۆ دەکاتەوە، وەک جەستەیەکی زیندوو لەناو ئەو بوونە تراژیدییەوە بەشەکەتییەوە لەناو خاک و نیشتمان، دەستەملانێ دەبێت و بەنەمریی بەرەو ئاسۆ باوەش دەکاتەوە، هەروەک لە تێکستەکەدا دەرکەوتووە:

**بەنێو کێڵگەی خۆڵەمێشدا هەنگاو دەنێم**
**چنگێک شەپۆڵ دەچنمەوە**
**بەسەر باڵای ئێواردا**
**هەڵی دەخەم.**
**لە نێوانی سووتان و گوڵەگەنمدا**
**سروودێک دەمنوسێتەوە.**
**باوەشت بۆ دەگرمەوە**
**قوڵەکانم لە درەختی خۆڵ دەئالێن**
**قۆڵەکانم وەک تاڵە خوێن**
**بەسەر بنارو ئاسۆدا شۆڕ دەبنەوە. (سابیر:2013، 110)**

### ئەنجام

لە بنیادێکی فۆرمالیستییەوە کۆنتێکستی ناوخۆ لە ڕێی یەکانگیربوونی ئاستی زمانی ناو و کار دواتر بۆ ئاستی دەلالی

و گوتاری ڕەهەندە ئێستاتیکییە دەلالییەکەی شیعر فۆرم دەگرێت، کە تەواوی ناو و کارەکان بەشێکن لە دەرخەری تراژیدیای هەڵەبجە، لەڕێی بچمگرتنی ئاستەکانی زمان وەک ڕەهەندێکی مێتافۆڕی خۆیان دەردەخەن.

- هەموو ئەو فەرهەنگە زمانییەی کە لە کۆپلە شیعرەکەدا بەکارهاتوون، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی واتایی دەرناخەن، بەڵکوو لە مانایەکی ڕووکەشدا بۆ ڕەهەندێکی واتایی قووڵتر دەڕۆن، واتە گێڕانەوەکە لە پەیوەندییەکی بەهێمابوو خۆی دەنوێنێت. تراژیدیایەکە لەنێوان بێ ئاگایی جیهاندا هێشتا وەک سروشتی خۆی هەر بەنەمری دەمێنێتەوە.
- یەکێک لە سیماکانی ناو ئەو کۆپلە شیعرە بەکەسکردنی ڕوواوە، یان لە ڕێی بەکەسکردنەوە قورسایی تراژیدیاکە کاریگەرتر دەردەکەوێت، کە هەریەکەی لە منداڵی ساوا و مێرمنداڵ و گەنج نوێنەرایەتی ژیانی ناو سروست و بەرائەت و خەونی ژیانەوە دەکەن، بە تراژیدیاوە لەناو جیهاندا بەتەنیا بەجێهێڵدراون و نابینرێن. بۆیەش دواتر بوونایەتییەکە لەڕێی جێناوەکانەوە دەگۆڕێت.
- سەرتاپای شیعرەکە لە وێنە و میتافۆر و هێما و بەکارهێنانی جێناو پێکهاتەی سیما واتایی و کۆی بنیادی گێڕانەوە و پەیوەندییە هاوبەشەکانی سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی کۆپلە شیعرەکە گوتاری لەبیرچوونەوە و بوونایەتی لە بزاوتی شیعرەکەدا فۆرمی گرتووە.

### سەرچاوەکان


**کتێبە کوردییەکان:**

ئەسوەدە، نەوزاد ئەحمەد (2015) فەرهەنگی زاراوە ئەدەبییەکان و زانستە مرۆڤاییەتیەکان، سلێمانی، ناوەندی غەزەلنوس.

امامی، نصرالله (2018) بنەماو میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی.و: نازم وحسێن، سەنگەر و هیمداد ،تاران، چاپخانەی سوم.

بەصیر، کامل حسن (1944) مێژوویی ڕەخنە سازیی،بەرگی یەکەم ،بەغداد دارالحریە للطباعە.

راجێر رابستێر(2006)توێژینەوەی تیۆری ئەدەبی، و:عبدالغالق یەعقوبی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

سابیر، ڕەفیق (2013) دیوان، بەرگی دووەم (١٩٧٥-١٩٩٠)، ٢٠١٤، ناوەندی غەزەلنووس.

سەجادی و محمودی، بەختیار و محمد (2004)، فەرهەنگی شیکاریانەی زاراوەی ئەدەبی، هەولێر، چاپخانەی ئاراس.

فەرهادی،ساجیدە عبدالله(2013) چەند لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی، هەولێر.

گەردی، سەردار ئەحمەد(2016) میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، هەولێر، چاپخانەی ناوەندی ئاوێر.

معروف، کەمال (2012) تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەیی ئەدەبی، سلیمانی، چاپخانەی لەریا.

**گۆڤارەکان:**

ئەحمەد، شوان (2008) ئاقارێکی نوێی ڕەخنەی ئەدەبی، گۆڤاری سەردەم، 56(10)، 102 – 112.

پیرداود، ستاری (2011) هەڵوەشانەوەگەرایی پۆست بنیادگەری، گۆڤاری کۆنسێپت، بەرگی 2(2) 139-163.

خەلیل، ئیبراهیم معمود (2008) زانستە مرۆڤایەتیەکان و ڕەخنەی ئەدەبی. و: ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد، گۆڤاری سەردەم، 56(10)، 102-112.

**نامە ئەکادیمییەکان:**

خۆشناو، سەرباز مەجید (2019) سیمۆلۆژیای ناویشان لە شیعرەکانی نەوزا رەفعەت، چاپی یەکەم چاپخانەی تەفسیر نامەی دکتورا- زانکۆی سەلاحەدین.

قادر، ڕێبین خەلیل (2023) سیمای رەخنەی زانسـتی لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا، ڕەخنەی شیعری کوردی (نامە زانکۆییەکان 2001-2010) نامەی دکتورا -زانکۆی سەلاحەدین.

مستەفا، ئاسۆ عومەر (2019) ڕێچکەکانی گوتاری ڕەخنەی شیعری لە ئەدەبی کوریدا، کرمانجی خوارو 1920-1970-نامەی دکتورا، زانکۆ سلێمانی.

**کتێبە عەرەبیەکان:**

أوشان، على أيات (2000) السياق والنص الشعرى من البنية إلى القراءة، الطبعه الاولى ، مطبعة النجاح الجديدة الدار البيضاء.

حجازى، سمير سعيد (2001) قاموس مصطلحات النقد الأدبى المعاصر، الأفاق العربية،الطبعه الاولى بيروت، دارالتوفيق.

**کتێبە فارسییەکان:**

الهیان، الیلا (2020) بررسی اهمیت بافت در پژوهش های ادبی، فصلنامه پژوهش های ادبی، تهران.

داد ، سیما(2003) فرهنگ اصطلاحات ادبی، چاپ سوم، کتابخانه ملی ایران، تهران.

**کتێبە ئینگلیزیەکان:**

Cuddon, J. A. (2012) A Dictionary of Literary Terms and Literary Theory. John Wiley & Sons.

Krieger, Murray (1969) The New Apologists Poetry. Second Edition, Indiana University Press, London.

Krieger, Murray (2019) the Institution of theory.Johans Hopkins university press.

Krieger, Murray (2019) The Theory of Criticism. Johns Hopkins University press.

**گۆڤارە ئینگلیزیەکان:**

Burke, Peter (2007) context in context, Duke University Press,8(1)152-177.Expansions of Contextualism. Duke University Press, 2 (3

M. Kartiganer, Donald (1974) The Criticism of Murray Krieger , 2 (3) 584-607

Krieger, Murray (1962) Contextualism was Ambitious, 8(4)305-317.

Krieger, Murray (1990) Words about Words about Words: Theory, Criticism, and the Literary. The journal of Aesthetics and Art Criticism, 48 (1).

Kovala, Urpo (2014) Theories of Context Theorizing Context. Journal of Literary Theory, 8 (1)158-177.

Rosenblatt, L. M. (1978). The reader, the text, the poem: The transactional theory of the literary work. Southern Illinois University Press. Chapter 1: "Efferent and Aesthetic Reading" (specific pages: approximately .

**السياقية النقدية لنص حلبجة لاوكي، وفقًا لنظرية موراي كريجر**

**الملخص:**

يقوم إلى جانب نظريات بدائية للنقد الأدبي المتمحورة خارج النص، اتجاه آخر، هو تحليل النصوص الأدبية في النقد الأميركي الحديث بآليات نقدية محددة تحت مسمّى السياقية الحديثة أو كونتيكستواليزم. فقد استطاع الناقد الأميركي موراي كريغر وابتداءً من منتصف القرن العشرين أن يستفيد من طروحات الشكلانية والنقد الحديث وينظّر لاتجاهه النقدي الخاص، سمّاه بمصطلح (السياقية الحديثة أو كونتيكستواليزم). فالسياقية الحديثة أو كونتيكستواليزم كآلية نقدية لتحليل النص الأدبي وفهمه، أضاف بعداً آخر لتحليل النص الأدبي. واستناداً لهذا الاتجاه وهذا الفهم الحديث، عنوان دراستنا هي (السياقية الحديثة لتحليل نص لاوكي هلبجة، وفق آراء نظرية موراي كريغر)، فالنص للشاعر الكوردي المعروف رفيق صابر. بالاعتماد على المنهج الوصفي التحليلي وفي ضوء نظرية موراي كريغر وآلياتها وإجراءاتها، نحلل الرموز والاستعارات الناتجة من خلال اللغة وتركيباتها داخل النص ودلالاتها السياقية داخل اللغة نفسها وطاقاتها التعبيرية عن المعاني والرموز.

**الكلمات المفتاحية:** السياقية الحديثة، كونتيكستواليزم، السياقية الداخلية، لاوكي هلبجة، التركيب اللغوي، الرمز.

**CRITICAL CONTEXTUALISM OF HALABJA LAUKI TEXT, ACCORDING TO MURRAY KRIEGER'S THEORY**

**ABSTRACT:**

In addition to the initial understandings of the outside of the text, another direction, is to analyse literary texts in the modern American criticism using specific critical tools under the name of modern context or contextualism. In the beginning of the mid-twentieth century, the US critic Morra Criger used his theoretical ideas in the light of the concept of context by using new formalism and new criticism, naming it modern context or contextualism. Modern context or contextualism is a critical tool for analysing and understanding the literary text, added another dimension to the literary texts analysis. Based on this view, the title of research (Modern Contextual Analysis of the Text of Laoki Helbaja, According to the Views of Murray Krieger's Theory) a well-known text of Kurdish poet Rafiq Sabir, based on the critical descriptive method and in the light of Murray Chriger's theory and its tools and procedures. Through its tools and procedures, we analyse the symbols and metaphors resulting from language and its structures within the text, their contextual connotations within the language itself, and their expressive capacities for meanings and symbols.

**KEYWORDS**: Contextualism, Internal Context, Reader, Halabja Epic, Language Structure, Symbolism.